# وەخەنستین هاتیمنو وەگریستن ناردنەمانۆ

## "بە پیکەنین هاتینوبە گریان ناردینیانەوە"

**گەرمیان**

(ئەم ناونیشانە قسەی ئەوگەنجە خانەقینیە بوو کە دوای نمایشی هونەرمەندانی گەرمیانداکردی)

**رۆژی 13/4 /2006 هونەرمەندانی شاری کەلاروشاری خانەقین لە یادی هەژدەمین ساڵیادی کۆستی ئەنفالدا لە نمایشێکی 18دەقیقەیدا 180دڵۆپ فرمێسیکیان بەخانەقین رشت, شایانی باسە هونەرمەندانی گەرمیان لەو کارە هاوبەشەیاندا,لە ژێر ناوی(ئەو گولە غەرییەی لە دەشتی عەرعەر روا ) لەتابلۆیەکی هونەریدا چەندین دیمەنی تراژیدی شالاٌوەکانی ئەنفالیان لە گەرمیانوبادینانەوە, گواستەوە بۆ ناوجەرگەی شاری خانەقی, کارەکتەرەکان لە ناوئاپۆرەی جەماوەردا نمایشیان دەکرد. نمایشەکانیان هێندە کاریگەربوون هیچ بینەرێك نەبوو بە فرمێسکەکانی نەبێتە بەشداربووی ئەو نمایشە, بەلێ خانەقی لەو رۆژەدا بێئەوەی پێشوەخت ئاگادارکرابێتەوە رووبەرووی کارەساتی ئەنفال بوونەوە, ئەو رۆژە لە فلکەی کندی خەلکی خانەقی خەزرەجیان بەچاوی خۆیان بینی چۆن درندانە پەلامار دەدات, نوگرە سەلمانوسەگەرەشوتۆپزاواو کەمپی سەلامیەی موسڵو دوبزو پورە خوازو پورمامزی دەشتی هەولیرو لافاوی ئاوەسپیوشالاٌوی ئەنفالو حەجاجو درندەکانی بەعس هەموویان لە جولەودەنگی ئەکتەرەکانی ئەو تابلۆیەوە گەیشتنە شاری خانەقی. بەلێ رۆژی 13/4/2006 بۆماوەی 18دەقیقە شاری خانەقی دەیان هەژدە فرمێسکی گەرمی بۆئەنفال رشت, ئەو گەنجەی بۆ بۆ پێکەنین هاتبوو بە گریانەوە گەرایەوە (خەنستین هاتبوو وە گریستین گەرایەوە) شایانی باسە ستافی نمایشکارانی ئەوتابلۆهونەریە وەك ئەمەك دارییەك نمایشەکەیان وەك گولێك دابوو لە یەخەی (عومەرمحەمەد) خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان.**


13 4 2006

13 4 2006

13 4 2006

13 4 2006